# بەیاننامەی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان
# بە بۆنەی سالیادی رۆژی جیهانیی مندالان

جارنامەی جیهانیی مافەکانی مندال کە پەسندکراوی کۆمەلەی گشتیی نەتەوەیەکگرتوەکانە و لە لایەن (١٩١) دەولەتەوە ئیمزا کراوە و ئەم رێککەوتنامەیە بە گشتی لە (٥٤) ماددە پێکدێت و بۆتە بنەمایەك بۆ پاراستنی مافەکانی مندالانی دونیا و ئەم رۆژەی کە ئەم جارنامەیەی لێ ئیمزا کراوە بۆتە رۆژێکی نوێ بۆ مندالان... بۆیە هەموو سالێك لە ٦/١-دا لە هەموو سوچێکی جیهاندا ئەم یادە دەکرێتەوەو سەر لە نوێ پێ لەسەر ئەوە دادەگیرێ کە بە هیچ شێوەیەك نابێت مافی مندالان پێشێلبکرێت.

وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان-یش وەك لایەنێکی بەرپرسیار لە رووی پاراستنی مافی مندالان بە بێ سلەمینەوە لە بەرنامە رێژیدایە بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی مندال لە هەر کارێکدا کە پەیوەندی بە مندالەوە هەبێ بە باشترین شێوە رەچاوی بکات،چونکە هەموو مافەکان بە بێ جیاوازی هەموو مندالان دەگرنەوە و دەولەت دەبێ مندالان لە هەموو جۆرە جوداکارییەك بپارێزێ و هەولبدات کەسانی دیکەش بەم مافانە ئاشنا بکات.

هەروەها هیواداریین کە وەزارەتی پەروەردە بەدانانی سیستەمی نوێی پەروەردە زیاتر هاوکاربێ بۆ لابردنی ئەو کەموکورتیانەی کەجاران لەبارودۆخی تایبەت هەبووەو هەولدان بۆ سرینەوەی ئاسەواری خراپەکارییەکانی سەردەمی پێشوو کە ئەو سیستەمەش گونجاوبێ لەگەل بارودۆخی ئەمرۆی فیدرالیەتی کوردستان بۆ بەرەو چاککردنی رەوشی پەروەردە لە قوتابخانەکان کە ببێتە هۆی ئەوەی مافی مندالان لەم مینبەرەوە زیاتر بپارێزرێ٠ هەمان بوچوونیشمان لەگەل وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەلایەتی ئەوەیە کە هەولەکانمان یەکخەین بۆ زیاتر سرینەوەی ئاسەواری ئیستغلالکردنی مندالانی خوار تەمەنی یاسایی لە کارکردن کە ئەمەیان لەگەل بنەماکانی جارنامە جیهانی مافەکانی مندال ناگونجێ و هەماهەنگیەکی زیاتر بکەن بۆ زیاتر بەرەو پێشچونمان لەم پێناوەدا ٠

لەگەڵ ئەوەشدا لە کوردستان-یش لە سایەی ئەو ئارامییەی کە هەیە حکومەتی هەرێم لە بوارە جیاجیاکاندا و لە میانی هەندێ فەرمانگەی تایبەت بە منداڵان بە بەردەوامی چالاکی هوشیاری و رۆشنبیری منداڵان بڵاودەکاتەوە و پەیتا پەیتاش وێرای دەرچوونی چەند گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵان... نامیلکەی هەمە جۆر بۆ منداڵان چاپدەکرێ و بڵاودەکرێتەوە...

لەگەڵ ئەوەشدا لەم لاو لەو لادا دەبینرێ مافەکانی منداڵ پێشێلدەکرێ بە تایبەت لە رووی کارپێکردنی منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی لەسەر شەقامەکاندا و کە ئەمەیان پێچەوانەی پاراستنی مافەکانی منداڵە وەك لە ماددەی (٣٢)ی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی منداڵاندا هاتوە کە دەڵێ:

( منداڵ دەبێ پارێزراو بێ لە ئیستغلالی ئابووری و هەر ئیشێك کە مەترسی بۆی هەبێ و رێگربێ لەبەردەم گەشەی جەستەیی و عەقڵی کۆمەڵایەتی و خوێندن و تەندروستیدا).

بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم رێگە چارەیەك بۆ ئەم دیاردەترسناکە بدۆزێتەوە و مافی ئەو منداڵانە دابینبکات تا ئەم پێشێلکارییە بنبڕبکرێت...

جارێکی تریش لەم رۆژە جوانەی منداڵان ... دووپاتیی ئەوە دەکەینەوە کە هەموو هەوڵەکانمان چڕ بکەینەوە بۆ پاراستنی مافەکانیان و کەمکردنەوەی ئەو پێشێلکارییانەی کە دێتە رێگای تەمەنی منداڵان...

چەپکە گوڵی پیرۆزباییمان بۆ منداڵانی کوردستان و منداڵانی هەموو جیهان

وەزارەتی مافی مرۆڤی

حکومەتی هەرێمی کوردستان